# شان شانێن کردنی پیاوان لەلایەن هەندێک ئافرەتانەوە بۆ ماچکردنی بەردە ڕەشەکە

# مزاحمة بعض النساء الرجال عند الحجر الأسود

< كوردي >


دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# شان شانێن کردنی پیاوان لەلایەن هەندێک ئافرەتانەوە بۆ ماچکردنی بەردە ڕەشەکە

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : ئایا دروستە ئافرەتان شان شانێن بکەن لەگەڵ پیاواندا بۆ ماچکردنی بەردە ڕەشەکە ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

یەکێك لەو هەڵە و ڕەوشتە خراپانەی کە زۆرێك لە ئافرەتانی موسڵمانانی تێکەوتووە، ئەوەیە کە بۆ ئەوەی بگەنە بەردە ڕەشەکە و ماچی بکەن، خۆیان ماندوو دەکەن و شان شانێن دەکەن لەگەڵ پیاواندا بۆ ئەوەی هەرچۆنیان کردووە بگەنە بەردە ڕەشەکە و ماچی بکەن، لەم پیناوەشدا هیچ گوێ بەوە نادەن کە لاشەیان بەر لاشەی پیاوانێکی نامەحرەم بکەوێت، کە دیارە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی حەرام و نادروستە، بۆیە لە پێناو جێ بەجێ کردنی سوننەتێکدا ئامادەن چەنك کارێکی گوناە وخراپ ئەنجام بدەن، وا دەزانن ئەگەر هاتوو بەردە ڕەشەکە ماچ نەکەن ئیتر حەجەکەیان یان عومرەکەیان دروست نیە و بەتاڵ دەبێتەوە، کە هیچی وانیە، چونکە ماچکردنی بەردە ڕەشەکە لای تەواوی زانایان سوننەتە، ئەگەر حاجی یان عومرەکار بۆی نەکرا ماچی بکات ئەوا لە بری ئەوە دەتوانێت تەنها بە دەستی ئاماژەی بۆ بکات، بنەمایەکی گەورەی شەرعیشیمان هەیە کە دەڵێت : " **درء المفاسد مقدم على جلب المصالح**"واتا : بەرکەنارکردن ولادانی خراپە و مەفاسید لە پێشترە لە بەدەست خستنی بەرژەوەندیەکان ..

واتا : خۆپاراستن لە کەوتنە ناو فیتنە و خراپەی تێکەڵاوی ژنان و پیاوانەوە لە پێشترە لە هەوڵدان بۆ ماچکردنی بەردە ڕەشەکە ..

دەبێت ئەوەش بزانین ماچکردنی بەردە ڕەشەکە و گەیشتن پێی ڕوکن و واجباتی حەج و عومرە نیە، بەڵکو تەنها سونەتێکە، لەکاتی ڕوودانی لێکەوتنی ژنان وپیاوانیش حوکمی ئەو سوننەتەیش نامێنێت بگرە واجبە وازی لێ بهێنرێت ..

بەردە ڕەشەکەش خۆی لەخۆیدا نە دەتوانێت قازانج و سوود بگەیەنێت، نەدەتوانێت خراپە وزیان بەکەس بگەیەنێت، بەلگەش بۆ ئەمە ئەو ڕیوایەتەیە کە لە عومەری کوڕی خەتابەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە بەردە ڕەشەکەی ماچکرد و پاشان ووتی : و" **إِنِّي لأَعْلَمُ أَنَّك حَجَرٌ، لا تَضُرُّ وَلا تَنْفَعُ** " **وَلَوْلا أَنِّي رَأَيْتُ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم يُقَبِّلُكَ مَا قَبَّلْتُكَ** " واتا : دەزانم کە تۆ تەنها بەردێکیت، نەزیان دەگەیەنیت و نە قازانج بەخشیت، ئەگەر نەمبینایە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ماچی کردوویت، ماچم نەدەکردیت.

خوای گەورەش زاناترە ..

IslamHouse.com